وانەی یەکەم/

ژەنینی ئامێری/ تیۆری

لەم بابەتە تیشک دەخەینە سەر تەکنیکی ئامێرە موزیکییەکان کە هەنێکیان بە هێمان و هەنێکیان بە شێوەی نوسین کورتکراونەتەوە لە کاتی ژەنینی ئامێرەکان دەکەوێتە بەر چاومان کە زۆربەیان بە زمانی ئیتالین و هەندێکیان بە فەرەنسی و ئەڵمانین. بێگومان بەبێ تێگەیشتن لە ماناکانیان ناتوانین گوزارشت لە نۆتەکان بکەین و موزیکێکی بێ هەست پێشکەش دەکەین. بۆیە لەم وانەیە هەندێک لەم گوزارشت و تەکنیکانە شیدەکەینەوە.

١- ستاکاتۆ : Staccato یان کورتکراوەکەی Stac: ئەگەر هاتوو خاڵێک لە سەر یان لە ژێر نۆتە هەبوو پێی دەوترێت نۆتەی ستاکاتۆ. دەبێت نۆتەکان کورت بژەبرێت بە شێوەیەک پچرانێک دەکەوێتە نێوانیان و نۆتەکان وەک نیوەی کاتی خۆیان دەکەونە بەرگوێ بۆ نموونە ئەگەر خاڵەکە لە ژێر نۆتەیەکی نوار دانرابوو ئەوە نۆتەکە وەک کرۆش دەبیسترێت. وەک لەم نمونەی خوارەوە پیشان دراوە.



٢- ئەکسێنت: Accent بە شێوەی خاڵێکی مێخییە لە سەر یان لە ژێر نۆتە دادەنرێت. وا لە نۆتە دەکات وەک نۆتەیاکی بە هێز دەردەکەوێت. ئەگەر لە سەر یان لە ژێر نۆتەکان یان نۆتەیەک بەدی کرا. دەبێت هێزێک بخەینە سەر نۆتەکان و بە هێز بیان ژەنین. وەک لەم نمونەی خوارەوە پیشان دراوە

- **گلیساندۆ (Glissando): -** وشەکە ئیتاڵییە، لە وشەی (Glissar) ی فەرەنسی وەرگیراوە. زۆر جار بۆ (Gliss) کورت دەکرێتەوە و بە مانای خشاندن یان خزاندن دێت. واتە ژەنین بە خزاندنی پەنجە لە سەر نۆتەیەکەوە بۆ نۆتەیەکی دیکە بۆ خوارەوە یان بۆ سەرەوە. هەروەها پۆرتەمێنتۆ (Portamento) کە بە هەمان شێوە وشەیەکی ئیتاڵییە، زۆرجار بۆ (port) کورت دەکرێتەوە و لە زمانی موزیکدا بە واتای بردنی دەنگێک بۆ دەنگێکی دیکە دێت. لە تیۆری موزیکدا بیروڕای جیاواز لە بارەی بەکارهێنانی ئەم دوو ئۆرنەمێنتە هەیە. کە هەندێک پۆرتەمێنتۆ بە گلیساندۆی کورت دەستنیشان دەکەن. هەروەها هەندێک بۆچوونی دیکە دەڵێن گلیساندۆ بۆ ئامێرە ژێدارەکانە و پۆرتەمێنتۆ بۆ ئامێرەکانی شێوەی پیانۆ و هارپ و فۆدارەکانە. دیارە لە کۆندا پۆرتەمێنتۆ زیاتر بۆ دەنگی مرۆیی بەکارهاتووە. وەک لەم نموونەی خوارەوە شێوەی گلیساندۆ و پۆرتەمێنتۆ خراونەتەڕوو. (ئازید. جەلیل، ٢٠١٦، ل١٩٠).

Accelerando (or accel) ئەکسیلیڕاندۆ یان کورتکراوەکەی ئەکسیل: -

لە ناوەڕاتستی پارچە موزیکەکان دێت واتە پلە بە پلە خێرا کردنی موزیک. هەر کاتێک لە هەر شوێنێک ئەم دەستەواژەیەمان بینی لە سەر نۆتە نوسرا بوو، پێویستە وردە وردە ژەنینی موزیکەکە خێرا بکەین تاکو هێماکە کۆتایی پی دێت وە ئاماژە کردن بە کۆتایی هاتنی هێماکە بە دەستەواژەی A Tempo دەبێت واتە گەڕاندنەوەی خێرایی موزیکەکە بۆ خێراییە بنەڕەتیەکەی خۆی.

Ritardando or Rit

بە هەمان شێوەی Accelerando لە ناوەڕاتستی پارچە موزیکەکان دێت پێچەوانەی Accelerando یە ماماکەی واتە پلە بە پلە هێواشکردنەوە یان خاوکردنەوەی موزیک. هەر کاتێک لە هەر شوێنێک ئەم دەستەواژەیەمان بینی لە سەر نۆتە نوسرا بوو، پێویستە وردە وردە ژەنینی موزیکەکە هێواش بکەینەوە تاکو هێماکە کۆتایی پی دێت وە ئاماژە کردن بە کۆتایی هاتنی هێماکە بە دەستەواژەی A Tempo دەبێت واتە گەڕاندنەوەی خێرایی موزیکەکە بۆ خێراییە بنەڕەتیەکەی خۆی.

Adlibitum یان کورتکراوەکەی ad lib واتە بە ئازادی. لە سەر هەر پارچە یەک نوسرابێت دەبێت ئەم پارچەیە بە کێشێکی ئازاد بژەنرێت، واتە دەکەوێتە سەر ئارەزووی ژەنیار کە پارچەکە چۆنی پێ خوشبێت بژەنێت و ژەنیار پەیوەست نابێت بە کێش.

Dolce: واتە (soft، sweet) واتە بە نەرمی یان بە شیرنی ژەنین. لە سەر هەر نۆتەیاک یان پارچەیەک نوسرابوو دەبێت بە نەرمی و چێژبەخش و شیرن بژەنرێت.

A Tempo

واتە گەڕاندنەوە خێرایی پارچە موزیکەکە بۆ خێرایی بنەڕەتی، واتە ئەو خێراییەی کە سەرەتا لێیەوە دەستی پێ کردبوو. هە میشە لە ناوەڕاستی پارچە موزیکەکان دێت. لەو کاتەی کە پارچە موزیکەکان بە هۆی یەکێک لە هێماکەنی خێراکردن لە ناکاو خێرا کرابن.

Adagio

یەکێکە لە خێراییەکەنی موزیک، لە سەر زۆرێک لە پارچە موزیکەکان بەرچاو دەکەوێت، بە زمانی ئینگلیزی واتە Slow بە کوردی واتە لە سەرخۆ، لە سەر هەر پارچە موزیکێک نوسرابێت پێویستە لەسەرخو بژەنرێت.

Allegro

یەکێکە لە خێراییەکەنی موزیک، لە سەر زۆرێک لە پارچە موزیکەکان بەرچاو دەکەوێت، بە زمانی ئینگلیزی واتە quick بە کوردی واتە خێرا، لە سەر هەر پارچە موزیکێک نوسرابێت پێویستە موزیکەکە بە خێرایی و بە ئاگاییەوە بژەنرێت.

Allegretto

یەکێکە لە خێراییەکەنی موزیک، لە سەر زۆرێک لە پارچە موزیکەکان بەر چاو دەکەوێت، بە زمانی ئینگلیزی واتەfairly quick بە کوردی واتە کەمێک خێرا، لە سەر هەر پارچە موزیکێک نوسرابێت پێویستە موزیکەکە بە خێرایی بژەنرێت بەڵام خێراییەنکەی کەلێک لە Allegro کەمترە.

Andante

یەکێکە لە خێراییەکەنی موزیک، لە سەر زۆرێک لە پارچە موزیکەکان بەر چاو دەکەوێت، بە زمانی ئینگلیزی واتە at a medium بە کوردی واتە خێراییەکی مام ناوەند ، لە سەر هەر پارچە موزیکێک نوسرابێت پێویستە موزیکەکە بە خێراییەکی مام ناوەندی بژەنرێت

Cantabile

وشەیەکی ئیتاڵییە بە ئیگلیزی واتە in a singing style واتە گۆرانی ئامێزانە. لە سەر هەر نۆتەیاک نوسرا دەبێت نۆتەکە بە شێوەیەکی ڕۆمانسی و بە هەستەوە بژەنرێت.

Crescendo or (cresc)

بە ئینگلیزی واتە gradually getting louder واتە پلە بە پلە بەرزکردنەوەی ئاستی دەنگ زۆرجار هێمای > لە جیاتی بە کاردێت کە لە ژێر نۆتە دادەنرێت. هەر کاتێک ئەم هێمایە لە ژێر نۆتە بەدی کرا پێویستە ئاستی دەنگ وردە وردە بەرز بکرێتەوە.

Diminuendo or dim پێچەوانەی Crescendo یە بە ئینگلیزی واتە gradually getting quieter واتە پلە بە پلە نزمکردنەوە یان هێمنکردنەوەی ئاستی دەنگ زۆرجارهێمای < لە جیاتی بە کاردێت کە لە ژێر نۆتە دادەنرێت. هەر کاتێک ئەم هێمایە لە ژێر نۆتە بەدی کرا پێویستە ئاستی دەنگ وردە وردە هێمن بکرێتەوە.

Da capo or D.C.

وشەکە ئیتاڵییە، بە ئینگلیزی واتە repeat from the beginning واتە دوبارەکردنەوە لە سەرەتاوە هەر کەتێک ئەم زاراوە لە سەر نۆتە بەدیکرا دەبێت بگەڕێینەوە نۆتەکە جارێکی دیکە لە سەرەتاوە بژەنینەوە.

Da segno or D.C.
وشەکە ئیتاڵییە، بە ئینگلیزی واتە repeat from the sign واتە دوبارەکردنەوە لە سینیۆ کە هێماکەی بەم شێوەیە $ هێما دەکرێت هەر کەتێک ئەم زاراوە لە سەر نۆتە بەدیکرا دەبێت بگەڕێینەوە نۆتەکە جارێکی دیکە لە هەمان هێماوە بژەنینەوە.

Fine بە ئینگلیزی واتە the end واتە کۆتایی لە هەر شوێنێک بینرا دەبێت کۆتایی بە موزیکەکە بهێنرێت.

f واتە Forte واتە ژەنین بە هێز و بە توندی.

ff واتە fortissimo واتە ژەنین زۆر بە توندی و بە دەنگی بەرز.

Legato واتە smoothly واتە ژەنیین بە نەرمی.

Lento واتە slow واتە ژەنین بە هێواشی و لەسەرخۆ

P واتە piano پیانۆ واتە ژەنین بە هێمنی و دەنگێکی نزم.

pp واتە double piano دەبل پیانۆ واتە ژەنین بە زۆر بە هێمنی و دەنگێکی نزم.